# ئێمە قوربانین.. هەق نیە ببینە جەلاد

**عومەرمحەمەد**



هەرچەندە دەبێت هەموو تاوانبارێك سزای خۆی وەرگرێت، بەڵام لەدۆسێی ئەنفالدا بڕیاری لەسێدارەدانو نەدانی عەلی کیمیاوی بەلای منەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نیە، هێندەی بڕیاری هۆکاری لەسێدارەدانەکەی بۆئێمە گرنگە، هەتا ئێستا دڵخۆشبووم بەودەنگانەی داوای ئەوەیان لەدادگادەکرد، کەدەبێت تاوانی ئەنفال بەجینۆساید ساغ بکاتەوە، واتێگەیشتبووم، ئەوانەی ئەم داوایە دەکەن دەزانن جینۆساید تاوانێکی نیودەوڵەتیەو قوربانیش دەبێت قەربووی نیودەوڵەتی بکرێتەوە.. وەڵێ ئەفسووس..لەدوای بڕیاری دادگاوە وێڕای گرنگی بڕیارەکە نیگەرانییەکی زۆریشدایگرتووم، لەوەی دەبینم هێشتا خەونی ئەم میللەتە زۆرگچکەیە، هێشتا نەیپەڕژاوە بەجدی لەبرینەکانی خۆی بڕوانیو دەوای تەواوی بۆبدۆزێتەوە، زانیم ئەوەی دەیلێیتوداوای دەکات، تێی نەگەیشتووە، ئاخرئەوەی لە ناوەڕۆكوگرنگی بڕیاری دادگای عێراقیو هۆڵندی تێبگات، سەبارەت بەساغکردنەوەی تاوانی جینۆسایدکردنی کورد، هەرگیز ناکەوێتە هەڵەی وا زەقەوە، داوا بکات فرانس ڤان ئانراتی هۆڵندی حوکمەکەی لە15 ساڵەوە بکرێتە ئیعدامو عەلی کیمیاویو تاوانبارانی تر بهێننە کوردستان لەسێدارە بدرێن؟!

گرنگ ئەوەیە ئیستا بەدوو بڕیاری یاسایی ساغکراوەتەوە کەگەلی کورد جینۆساید کراوە، خوای دەکرد عەلی کیمیاوی مەرگی پاشمەرگم دەکەوتو هەتاهەتایە لە زیندان، نەستەلەی ئەمریکی دەخواردو ئیعدام نەدەکرا، ئیتر وەختی ئەوەیە دەستکەوتەکانی ئەوبڕیارانە وەرگرینەوە، دەرگاوپەنجەرەکانی مافی مرۆڤو حورمەتی ئینسانو ژیاندۆستی بەسەر ئەم گەلەدا بکرێتەوە، دەبێت ئیدی کوشتنو برین تیایدا قەدەغەو یاساغبکرێت، بەبڕوای من هەڵەیەکی کوشندەیە هەڵەبجە بەکوشتنی عەلی کیمیاوی ناشرین بکرێت، بەبەرزکردنەوەی دروشمی تۆڵەسەندنەوە، چەواشەبکرێن، دەشێت ئەمە خەونی ئەوکەسانە بێت کە بەبڕیارەکە قەڵسوبێزارن، نەك ئەوانەی پێی دڵخۆشو سوودمەندن، ناشێت ڕێگە بدەین، هەڵەبجە یان ناوچە ئەنفالکراوەکان بکرێنە شوێنی تۆڵە سەندنەوە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە دەبێت ببنە شوێنی قەڵاچۆکردنی توندوتیژیو ڕەفتارو کەلتورو عەقلییەتی بەعسیزمیان تیدا لە ڕیشە دەربهێنرێت، ریشەکیشکردنی بەعس لە ئەخلاقیاتو کلتورماندا گەلێك گرنگترە لەوەی ڕۆحی بەعسیەکی تاوانبار لەهەڵەبجە بکێشرێت، ئێمەلەبری ئەوەی خۆمان بکەینە خاوەنی ئەو داوایە دەشێت، لەکوشتنی مرۆڤە بەعسیەکەی ناخی خۆمانەوە دەستپێبکەین، ئەوەی بەتەواوی مایەی دڵتەنگیمە لەم قسانەدا، ئەوەیە کەچەندین ڕۆژنامەنوسو نوسەرو تەنانەت ناوەندی ڕۆشنبیریش ئەم داوایەیان هەیە؟! بێئەوەی لەوە سڵبکەنەوە ئەمە چەندە زەرەرلەسومعەی مرۆڤدۆستیمان دەدات، باشە مردنی عەلی کیمیاوی لەکوردستان بێت یان لەبەغدا ڕۆحی قوربانیەکمان بۆدێنێتەوە ناو ژیان؟ ئەگەر کوشتنی جەلاد چێژێکی کاتی ببەخشێتە قوربانی، ئەوا کوشتنی کلتورو ڕەفتاری جەلاد بۆهەمیشە ئاسودەمان دەکات، نازانم کوشتنی مرۆڤ باتاوانباریش بێت؟ چ چێژێکی مرۆڤانەی تێدایە؟ هەتا داوابکەین بهێنرێتە بەرچاومانو شارەکەی ئێمەوە، ڕاستە ئێمە قوربانین، بەڵام زۆرگرنگە پێدابگرین لەسەرئەوەی جەلادنەبین.. پێموانیە کوشتنی عەلی کیمیاوی لەکوردستان ئارامگای شەهیدەکان ئاسودەبکات، بەڵکو ئەوە خەونی مەرگدۆستانەی زیندووەکانە بەناوی شەهیدەکانەوە جورئەتی دەردەبڕنی دەکەن، ئەگەر زیادەڕۆیش نەبێتو لەسەرئەم ڕایەم سەروگوێلاکم نەکوتن، پێموایە ئەو تۆڵەسەندنەوەیەی بەپیرۆزی دەزانینو جاجاریش غرورانە پۆزی پێوە لێدەدرێت، هەمان ڕۆحی تۆڵەوهەمان ڕەفتاری بەعسیانەیە، کەلە بەعسەوە بۆمان ماوەتەوەو جورئەتی کوشتنی ناکەین لەناخی خۆماندا.

هیوادارم هەلەبجەییو گەرمیانیو بادینانیەکان بەرلەهەرکەس ئەم داوایە ڕەتبکەنەوەو بەدەنگی بڵند هاواربکەن: سەرو فەساڵی ئەوتاوانبارانە مەهێننەوە بۆلامانو مەزاجی ئاشتیخوازیو ئازادیخوازانەمان مەشێوێنن، با پێکەوە پیانبلێین: سوپاسی بڕیارو عەدالەتتان دەکەین، بەڵام ئێرە شوێنی کوشتنو تۆڵەسەندنەوە نیە، ئێمە ئەگەربەبێویستی خۆمان بووینە قوربانی چۆن ڕازی

بین ببینە جەلاد، ئەمە لۆژیکی زالمە نەك مەزلوم، ئیتر پێوستمان بەژیانەو ژیانمان بۆبگێرنـەوە، لەراستیـشدا دەبێـت هـەروابێت، ناشێت ئەوەی ئەوانی بەعسی کردیان لەرەفتاروعەقلییەتی ئێمەدا جێگەی ببێتەوە، ئەمە پێچەوانەی هەلویـستی مرۆڤدۆسـتانەی ئێمەیە کەلە راپەرینی ئازاری ساڵی 1991دا مرۆڤدۆستی خۆمان سەلماند، وێرای برسێتیو بریندار بوونیـشمان سەربازوئەفسەرە دیلەکانمان خزمەتکردوو بریندارەکانیشمان تەداوی کردن، هەرچەندە دەشمانزانی ئەوانەی کیمیابارانیـانکردینو ئـەنفالیانکردین، هەرئەم سوپایەو بەکریگیراوەکانیان بوون، لەوەش زیاتر دەمانزانی ئەوسـەربازانەی لـە چەمـچەماڵ بـەدیلی ئـازاد دەکـران لـەبانی مەقانەوە بەچەکەوە دەهاتنەوە گیانمان[1]، بەلام ئێمە ژیاندۆستین، ئیمە مەرگدۆستنینو نامانەوێت کەس بکوژین.

---

[1] چەمچەماڵیەکان بۆیان گیرامەوەو سوێندیانخوارد کەوا لەراپەرینی ساڵی 1991دا سەربازێك 3جار دیلکراوەو چەك کراوەو ئازادەکراوەتەوە.